# شیکردنەوەی پێکهاتەی دەقی گێڕانەوە لەڕوانگەی نێوان دەقییەوە

م.ی بەشدار عەبدولرەحمان عەزیز[1] م.ی کەلسوم خالید ئەحمەد[2]
[1] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە و زمان، زانکۆی لبنانی فەرەنسی، هەولێر، عێراق.
[2]بەشی شیکاری نەخۆشیەکان، کۆلێژی تەکنیکی تەندروستی و پزیشکی هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە ئامانج لێی شیکردنەوەی دەقی ڕۆمانە بە مەبەستی ناسینەوەی توخمەکانی لکان لە دەقدا بەجۆرێک ڕوونی بکەینەوە کە: کام جۆری لکانی ڕێزمانی جەوهەرترین بەشدارییە لە پێکهاتەکەدا، ئایا ئەم جۆرە کاریگەرە یا خود نا؟ دەق لەناو دەقدا کاتێک دروست دەبێت، کە تایبەتمەندی لکانی هەبێت، لە دەرەوەی پێکهاتەی ڕێزمانی ڕواڵەتی دەق، لکانی واتایی گرنگترین بنەما و پێوەری دەقگەراییە، ئەو پەیوەندییە دەردەکەوێت کاتێک لێکدانەوەی توخمی دەقی وشەیەک، کە لە ڕستەیەکدا هەڵکەوتووە وابەستەی توخمێکی دیکەی ناو دەقەکە بێت وشەیەک بەزۆری، بەڵام مەرج نییە لە ڕستەیەکی دیکەدا بێت. هالیدای و حەسەن (1976) بەگشتی چوار جۆری جیاوازی لکانی ڕێزمانیان دەستنیشان کردووە: ئاماژە، جێگرەوە، لادان، بەستن. لکان لێکدانەوەی توخمێکی دەقی، وابەستەی توخمێکی دیکەیە، کە دەتوانرێت لە دەقدا ئاماژەی پێبدرێت، واتە لکان لەو شوێنانەدا ڕوودەدات، کە لێکدانەوەی هەندێک توخم لە دەقەکەدا وابەستەی لێکدانەوەی توخمێکی دیکەبێت. یەکێکیان پێشگریمانە دەکات ئەوی دیکە، بەو مانایەی کە ناتوانرێت بە شێوەیەکی کاریگەر کۆد بکرێتەوە تەنها بە پەنابردنە بەر ئەو نەبێت.

کلیلە وشە: لکانی ڕێزمانی، ئاماژە، بەستن، جێگرەوە، لادان.

## 1. پێشەکی

### ١_١: ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە "شیکردنەوەی پێکهاتەی دەقی گێڕانەوە لەڕوانگەی نێوان دەقییەوە" توێژینەوەیەکی زمانەوانییە، نمونەی توێژینەوەکە ڕۆمانی 'یەڵدا'یە لەبەرئەوەی ناونیشانی توێژینەوەکەمان باس لە دەقی گێڕانەوەیی دەکات، ڕۆمانیش یەکێکە لەو بەرهەمە ئەدەبیانەی، کە دەچێتە خانەی گێڕانەوە. هەوڵدراوە گونجاوترین نمونەی نێو دەقەکە هەڵبژێردرێت و لەڕوانگەی نێوان دەقییەوە بەتایبەتی لکانی ڕێزمانی شیکردنەوە بۆ دەقەکان بکەین، کە لەگەڵ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بگونجێت.

### ١-٢: سنور و ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە ئاستی زمانەوانیدایە و بەپێی (تیۆری ئەرکی شیکارییە) زیاتر تیۆرەکەی هالیدای لە توێژینەوەکەدا بۆ شیکاری نمونەکان پەیڕەو کراوە، نمونەکانیش تەنیا لە دەقی ڕۆمانی یەڵدا وەرگیراوە.

### ١-٣: گرنگی توێژینەوەکە:

خاڵی گرنگ لە هەڵبژاردنی توێژینەوەکە، بریتیە لە کاریگەری ئەو پەیوەندییەی لەنێوان پێکهاتەکانی دەقدا هەیە، واتە چۆن دەقێکی تۆکمە لە دەقێکی بێ واتا جیابکەینەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو پەیوەندییە ڕێزمانییەوە دروست دەبێت، کە لەنێو دەقدا بەکاردێن و ڕستەکانی نێو دەق بەیەکەوە دەبەستنەوە و بەرەو سەروتری ڕستە هەنگاودەنێن، کە بە بێ بوونی لکان و پەیوەندییە ڕێزمانییەکان هیچ بنەمایەکی دەق بوونی نامێنێ و دەبێتە دەقێکی مردو و ڕیزکردنی چەند ڕستەیەک.

### ١-٤: ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە جگە لە ئەنجام لە سێ بەش پێکهاتوە.

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 21 اغسطس2022؛ قُبل في 06 اكتوبر 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 19 أبريل 2023

البريد الإلكتروني للمؤلف kalthum.khalid@epu.edu.iq

حقوق الطبع والنشر © 2023 بشدار. كەلسوم، هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەشی یەکەم: بریتیە لە چوارچێوەی توێژینەوە، لەمانە پێک دێت؛ ناونیشانی توێژینەوە، سنور و ڕێبازی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە لەگەڵ ناوەرۆکی توێژینەوەکە.

بەشی دووەم: بەشێکی تیۆرییە، تیایدا باس لەم بابەتانە کراوە؛ چەمک و پێناسەی دەق، دەقی گێڕانەوەیی، تایبەتمەندییەکانی شێوازی گێڕانەوە، پێکهاتە گشتیەکانی دەقی گێڕانەوە، تێگەیشتن لە دەق و شیکردنەوەی دەق.

بەشی سێیەم: بەشێکی تیۆری و کردارییە، تیایدا باس لەم بابەتانە کراوە؛ نێواندەقی، لکان، لکانی ڕێزمانی و جۆرەکانی، هەر لەم بەشەدا شیکردنەوە بۆ نمونەکان کراوە بپێی ئەو بابەتانەی خرانەڕوو.

لەکۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشکراوە.

**٢: زمانەوانی دەق**

**١-٢: چەمک و پێناسەی دەق: text**

دەق وەک یەکەیەکی سەربەخۆ ئەو بنەمایانەی، کە لەسەری بونیادنراوە لەگشت زمانەکاندا هەر هەمان شتە، بۆیە دەبینین ئەو چەمکە لە ئێستادا لە زۆربەی بابەت و لایەنەکانی پەیوەست بە زمان، ئەدەب، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگ و ماتماتیکدا زیاتر لە چەمکەکانی تر بەکاردێت. ئەمەش بەشێوەیەک وای لە بابەتی دەق کردوە، کە ببێتە بابەتێکی پێشەنگ و دیار لە توێژینەوەکانی زمان و ئەدەب و زۆربەی زانستەکانیتر، بۆنمونە لە هونەر و ئەدەبدا بایەخ بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەو دەقانە دەدرێت، کە پەیوەستن بەیەکێک لە ڕەهەندەکانی ئەدەب، وەک دراما، شانۆ، دەقی شیعری پەیوەست بەو دەوروبەر و بارودۆخەی دەقەکەی لێ بەرهەمهاتووە.

وشەی دەق وەک زاراوەیەکی زمانەوانی بەو پارچە ئاخاوتنە (نوسراو- گوتراو) دەگوترێت، کە پارچەیەکی یەکگرتوی پێک هێنابێ بەبێ ئەوەی قەبارەی نوسینەکە لەبەرچاو بگیرێت. هەموو قسەکەرێکی زمان بەشێوەیەکی نائاگایی پەی بە دەق دەبات (قیس کاکل،٢٠٠٢،٢٨). کەواتە دەق یەکەیەکی تێکچڕژاوە و بەیەکەوە گرێدانیان بەرێگەی چەند پەیوەندییەک لەنێوان کەرەستەکانی هەرسێ ئاستی سینتاکس، سیمانتیک و پراگماتیک بەدەست دێت، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە لێکۆڵینەوە لە دەق لە توانایدا هەیە لە ڕوانگەی جۆراو جۆرەوە ئەنجام بدرێت، بۆیە هالیدای بەم شێوەیە پێناسەی دەق دەکات "دەق زانستێکی نوێیە تەنیا بەهۆی لێکۆڵینەوە لە ڕێگاکانی لکاندنی ڕستە بەدوایەکداهاتوەکان نییە، بەڵکو لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی بەیەکەوە لکانە واتاییەکانیشە لەناو دەقەکاندا لەکاتی شیکردنەوەیان" (Halliday & Hassan, 1976, p23).

لە مێژوی زمانەوانی دەقدا زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە سەرەتای لێکۆڵینەوەکان دەربارەی دەق لە ئەدەبەوە دەست پێدەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سودی لە دەستکەوتەکانی زمانەوانی وەرگرتوە لەگەڵ دەستنیشانکردنی ئەدەبیاتدا، کە لە لایەن (ڤان دایک)ەوە بە تێڕوانینێکی ئەدەبی لەساڵی شەست و حەفتاکەنی سەدەی بیستەم هاتە کایەوە، بەم شێوەیە لێکۆڵینەوە لە ئاستی دەق و یەکە ڕێزمانییەکانی دەق لە هەوڵەکانی (ڤان دایک) لە کتێبە گرنگەکەیدا بە شیکردنەوەی دەق لە لایەنەکانی سینتاکس و واتاسازی و پراگماتیکەوە دەستی پێکرد (سعيد يقطين، ٢٠٠٦، ص١٦)، هەروەها (ڤان دایک) پێچەوانەی زۆربەی زمانەوانەکانی تر، ڕستە بە گەورەترین دانەی وەسفکردن دادەنێت و پێی وایە، ئەگەر توانرا وەسفی ڕستە بکرێت لە هەردوو ئاستی ڕێزمان و سیمانتیک، ئەوا دەتوانرێت وەسفی ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆزیش بکرێت. هەروەها واشی بۆ دەچێت، کە هەندێ سیستەمی جیاواز لەنێوان ئەم دوو جۆرە ڕستەیەدا هەیە، کە لە ئاستی پراگماتیکدا بەدیار دەکەوێت لەبەر ئەمە دان بەیەکەیەکی گەورەتر لە ڕستە دادەنێت ئەویش دەقە (ساجیدە عەبدوللا، ٢٠٠٨، ل١٨٥).

زانستی زمانی دەقیش وەک ڕێبازێکی زمانی دەڕوانێتە دەق، بەوەی ڕۆنانێکی گونجاوی یەکگرتوی ناوەوەی هەیە، کە سەرجەم کەرەستەکانی بە پەیوەندییەکی لۆجیکی و سینتاکس و واتاییەوە گرێدراون، ئەمەش وایلێکردوە وەک ڕۆنانێکی یەکگرتو دەربکەوێت و شیاوی لێکۆڵینەوە بێت و بەشێوەیەکی زانستی و بابەتیانە کاری لەسەر بکرێت (تاڵیب حسێن، ٢٠١٩، ل١٥). لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا چەندین جۆری دەق لەلایەن زمانەوانەکانەوە دەستنیشانکراون، وەکو دەقی 'بەڵگەیی، ڕاگەیاندن، زانیاری، گێڕانەوەیی، ... هتد'، بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا گرنگی پێدراوە دەقی گێڕانەوەییە.

**٢-٢: دەقی گێڕانەوەیی: Narrative text**

گێڕانەوە بەو زانستە ناسراوە، کە مامەڵە لەگەڵ یاساکانی دەقی ئەدەبی دەکات جا چیرۆک بێت یان ڕۆمان، ئەفسانە یان هەر دەقێکی تری ئەدەبی، بیرکردنەوە لەم زانستە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم دەستی پێکرد، گێڕانەوە ڕێبازێک بووە، کە نوسەران بەکاریان هێناوە بۆ گوزارشت لە بیرکردنەوە و هەستەکانیان. بە تێگەیشتن لەم زانستە پێویستە پێناسەی دەقی گێڕانەوە بکەین، کە 'بریتییە لە گێڕانەوەی ڕوداوەکان و گواستنەوەیان بە بەکارهێنانی زمان، یان ئامرازەکانی تری دەربڕین'. دەقی گێڕانەوە چیرۆکێکی ئاڵۆز و ڕوداوی کێشەدارە، هەوڵدەدات چارەسەرێک بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە، هەروەها بەشێکی گرنگی دەقی گێڕانەوە بریتییە لە شێوازی گێڕانەوە و ئەو کۆمەڵە میتۆدانەی کە بۆ گەیاندن بەکاردەهێنرێت. گێڕانەوە جۆرێکە لە دەقی ئەدەبی، کە لەرێگەی ئەوەوە دەق دەبێتە خاوەن هەستێکی زیندو و نرخ و بەهای تایبەت بەخۆی دەبێت.

"بەکارهێنانی چەمکی گێڕانەوە وەک بەشێک لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ئامانجی دیاریکردنی ئەو بنەمایانەیە، کە پێکهاتەی دەقی گێڕانەوە ڕێکدەخات، لە گێڕانەوەدا زمان بەکارهاتووە بۆ پێکهێنانی زنجیرەی ڕوداوەکان" (نەزیرە سابیر، ٢٠٢١، ٢٣)، هەروەها لە چەمکی دەقی گێڕانەوەدا جۆرە جیاوازەکانی دەق جێگیرکراون، لەوانە؛ چیرۆک، ڕۆمان، ئەفسانە، مێژو، بەیاننامە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین جیاوازی بکەین لەنێوان دوو ڕوانگەی سەرەکی لە چەمکی

گێڕانەوە بەمشێوەیە؛ ڕوانگەی گێڕانەوە لەسەر بنەمای بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەم لەلایەن گێڕەرەوەیەک، کە لە دەقەکەدا ئامادەیە. دووەم ڕوانگەی گێڕانەوە لەسەر بنەمای بەکارهێنانی جێناوی کەسی سێیەم لەلایەن گێڕەرەوەیەک، کە لە دەقەکەدا نائامادەیە.

دەقی گێڕانەوە بە هەموو دەقێکی زارەکی یان نوسراو پێناسە دەکرێت، کە پێکهاتەکەی لەسەر بنەمای گێڕانەوەی چیرۆکی ڕاستەقینە یان خەیاڵی دامەزراوە، گێڕانەوەکە لە بنەچەی خۆیدا گوتارێکی زمانەوانی نوسراوە و ئەرکێکی ئاماژەیی هەیە، کە وێناکردن یان وەهمەکانی لە تێڕوانین بۆ کەسایەتی و ڕوداوە ڕاستەقینەکان دەکەونە چوارچێوەیەکی کاتی و فەزایی، ئامانجیان لە کۆتاییدا گەیشتن بە مانایەکی ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و هتد. فۆرمەکانی تری زمانەوانی تیایدا سەریەک دەکەون، وەک دیالۆگ؛ کە لە ڕوداوەکان پێکدێت لە ڕێکخستنێکی بە ئەنقەست ڕیزبەندی یان لۆژیکیدا، یان وەسفێک کە توانای نوێنەرایەتیکردنی بابەتێک یان دیدێک لە پێگەی کارەکتەرێک یان ڕوداوێک لە کاتی دیاریکراودا بە خوێنەر دەبەخشێت. 'دەقی گێڕانەوە وەک دەقێکی ئاماژەپێکراو، کە پرۆسەیەکی کاتی هەیە پێناسە دەکرێت و کەسایەتی چالاک بنەمای وابەستەیی یەکتر و یەکگرتوویی ڕوداوەکانە لە دەقەکەدا، ئەمەش بەو مانایەی کە چەمکەکانی دیکە لە پێناسەی دەقی گێڕانەوەدا جێگیر دەکرێن، لەوانەش ڕوانگەی گێڕانەوە، پەیوەندی بەو کەسەوە هەیە، کە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە جێناوی دیار تیایدا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات و لە گێڕانەوەدا دەردەکەوێت دوو شێوە دەگرێتەوە، ئەوانیش؛ جێناوی کەسی یەکەم: کە گێڕەرەوە لە ڕوداو وەک ئامادەبوونێکی سەرەتایی. جێناوی کەسی سێیەم: لەلایەن گێڕەرەوەیەکەوە کە گوایە بێلایەن بێت، لە پشت کۆمەڵێک دەمامکەوە شاراوەتەوە' (قسول فاطمە، ٢٠٠٩، ١٢). باسکردن لە یەکێتی ڕوداوەکان لە پێناسەکردنی دەقی گێڕانەوەدا، نەک یەک لە دوای یەک، بەڵکو ڕوداوەکان لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی هۆکاری لۆژیکی نێوان ڕوداوەکان دامەزراون، تێیدا پەیوەندی کاتی نێوان ڕوداوەکان چیرۆکە یان خودی ڕۆمانەکە، بەڵام بەستەری هۆکار لە هەردووکیاندا زمانە، چەمکی بینینی گێڕانەوەش دەردەکەوێت، بە واتای ئەو گۆشانەی بینین دێت، کە بەوەوە سەیری کارەکتەر و ڕوداوەکان دەکات و ئەمانە لە پێناسەی دەقی گێڕانەوەدا سێ لایەن دەگرنەبەر:

ـــ ئەو دیدگایەی لە پشتەوەیە، کە تیایدا گێڕەرەوە ئاگاداری ناوەوەی کارەکتەرە، زیاتر لەوە دەزانێت، کە لەوانەیە لەبارەی خۆیەوە بزانێت، وەک چۆن ئەو دەزانێت کارەکتەرەکە بیر لە چی دەکاتەوە، پێش ئەوەی بیری لێبکەیتەوە، هەست بە چی دەکەیت پێش ئەوەی هەستی پێبکەیت، کە لەمێشکیەتی.

ـــ بینین لە دەرەوە، کە تیایدا زانینی گێڕەرەوە بۆ کارەکتەرەکە بوونی نییە، یان نزیکە بوونی نەبێت، گێڕەرەوە وەک خوێنەر وایە، کە کارەکتەرەکە لە قسە و کردارەکان بەدواداچوون بۆ چی دەکات بەبێ ئەوەی بزانێت بیر لە چی دەکاتەوە.

ـــ دیدگای هاوڕێی، تیایدا زانینی گێڕەرەوە یەکسانە بە زانینی کارەکتەرەکە، جیاوازی لە چەمکی دیدگای گێڕانەوە، گێڕەرەوە دەکاتە چەمکێکی جیاواز لە کەسایەتی، وەک چۆن گێڕەرەوە لەم حاڵەتەدا دەبێت دەستوەردان بکات و تێڕوانینی خۆی بۆ کەسایەتی و کردارەکانی لەناو دەقی گێڕانەوەدا دەرببڕێت، ئەمەش بە واتای ئاراستەکردنی چەمکێکی دیکەی پەیوەندیدار بۆ گێڕەرەوە، کە تیشک خستنەسەر گێڕانەوەکەیە، کە دۆخی گێڕەرەوە لەناو دەقەکەدا ئاشکرا دەکات، گێڕانەوە و ئاستی تێگەیشتنی ئەو جیهانەی کە قسەی لەسەر دەکرێت یان وەسف دەکرێت، لە دەقی گێڕانەوەدا بە سێ شێوە دەردەکەوێت:

یەکەمیان: بە فۆکەسی ناوەوە/ فۆکەسی کەسایەتی ناسراوە، کە تیاتدا گێڕانەوەکە لە ڕوانگەی کەسی یەکێک لە کارەکتەرە چیرۆک گێڕەکاندا قەتیس کراوە.

دووەمیان: فۆکەسی دەرەکی/ فۆکەسی سفرە، کە تیایدا گێڕەرەوە شایەتحاڵێکی نەزانە بۆ ڕوداوەکان لەو گێڕانەوەی کە دەیگێڕێتەوە.

سێیەمیان: سفر فۆکەس/ نافۆکەسە و ئەمەش ئەوەیە کە بەزۆری لە گێڕانەوەی نەریتیدا دەبینرێت.

لە پێناسەکردنی دەقی گێڕانەوەدا، پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان سێ زاراوەدا، ئەوانیش (نوسەر، کارەکتەر، گێڕەرەوە) ئەم جیاوازیەش لە فرەیی زاراوەکان و بابەتی هاواتایی نییە، بەڵکو بەهۆی ئەرکی کارکردن و جیاوازی هەریەک لە هەڵگرانی ئەم ناونیشانە لەناو دەقەکەدایە، جیاوازی ئەم ئەرکە ئەوەیە کە جیاوازی دروست دەکات لە دەقی گێڕانەوەدا، ئەم جیاوازییانە بریتین لە: نوسەر: دروستکەری دەق و بنەچەی نوسەرەکەی کە بەبێ ئەو نەدەهاتە بوون، بوونی ئەو وەک کارەکتەرێکی گریمانەکراو لەناو دەقەکەدا کە کەس باسی ناکات.

کەسایەتی: یەکێکە لە توخمەکانی دەقی گێڕانەوە/ بەرهەمی ئەدەبی، لەڕووی گەشە و گەشەکردن، یاریکردنی ڕوداوەکان لەناو دەقی گێڕانەوەدا جۆرەکانی خۆی تێدایە، کە بۆی دەیسەلمێنێت نوێنەرایەتی ڕۆڵێک دەکات لەلایەن نوسەرەوە، کە لە دەقی گێڕانەوەدا پێی دراوە.

گێڕەرەوە: گێڕەرەوە هاوشێوەی شرۆڤەکاری وەرزشە، بەو پێیەی ئەو کەسەیە کە ڕوداوەکانی دەقی گێڕانەوە دەخاتەڕوو، لە زۆر حاڵەتدا لە نزیکەوە یان دوایی سەرنجیان لەسەر دەدات، بە تایبەت لە ڕۆماندا.

نوسەر: خوڵقێنەری دەقە، بەڵام ئەو کەسە نییە لەناو دەقی گێڕانەوەدا گێڕانەوەی بۆ دەکات، بەڵکو نوێنەرایەتی بۆ دەکات، دەنگێکی دیکە دەنگی گێڕەرەوەیە، کە لەوانەیە یەکێک بێت لە کارەکتەرەکانی گێڕەرەوە، لەوانەشە کارەکتەرێکی گوماناوی هونەری بێت لەناو دەقەکەدا.

کارەکتەر: ئەو ئەکتەرەیە کە نوسەر لە گێڕانەوەکەدا ڕۆڵی بۆ دیاری دەکات و پەیوەستە بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی، کە لەوانی‌تر جیای دەکاتەوە.

گێڕەرەوە: کۆمەڵێک ئەرک ئەنجام دەدات، گرنگترینیان بریتین لە؛ خستنەڕووی ڕوداوەکان، ئاراستەکردنی گێڕانەوە و سەرنجدان لەسەری، پەیوەندیکردن لەگەڵ خوێنەر لەسەر بنەمای متمانەی نێوان گێڕەرەوە و گێڕانەوە. ڕەنگە گێڕەرەوە لە هەندێک بەرهەمی گێڕانەوەدا هەمان نوسەر و کارەکتەری سەرەکی بێت وەک چۆن لە ژیاننامەیەکدا دەردەکەوێت، هەروەها یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوەکە

ئەوەیە، کە بڕێکی دیاریکراو لە ئاماژەی کاتی لە خۆدەگرێت، هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان ڕستەکان، وەک، دوای ئەوە، پێش ئەوە ...هتد (محمد الأخضر، ٢٠٠٨، ١١٠).

## ٢-٣: فۆرمەکانی گێڕانەوە: forms of narrative

گێڕانەوە چالاکیەکی کاتییە، وەک چۆن نیشان دەدات گێڕەرەوە چۆن هەست بە ڕاستی ڕوداوەکان دەکات لەسەر میحوەری کات. ئەگەر کاتە سروشتییەکە بە ڕێککەوت بە ئاراستەیەکدا بەردەوام بێت، ئەوا کاتی گێڕانەوە هەمان سیستەم پەیڕەو ناکات، بەڵکو ڕێگە بە سەریەککەوتن و پچڕان دەدات. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش کات توخمێکی جەوهەرییە لە جیاکردنەوەی جۆری گێڕانەوە، بە گشتی سێ فۆرمی گێڕانەوە وەک چالاکیەکی کاتی هەیە، کە تیایدا کاتی گێڕانەوە جیاوازە لە کاتی ڕاستەقینە:

١_ گێڕانەوەی یەک لە دوای یەک: لەسەر بنەمای سیستەمێکی هێڵکاری لە تێگەیشتنی کاتدا دامەزراوە، وەک چۆن گێڕەرەوە لە ڕۆمانەکەیدا ڕیزبەندی وردە وردەی ڕودانی ڕوداوەکان پەیڕەو دەکات، ئەم سیستەمە لە دەقی یاداشتنامەکان یان دەقی گێڕانەوەی مێژوویدا بەکاردەهێنرێت، لەم جۆرەدا ڕوداوەکان بەو شێوەیە دەگێردرێنەوە، کە لە کاتی ڕاستەقینەی خۆیاندا ڕویانداوە. یەکەم ڕوداو لە یەکەم جاردا لەلایەن گێڕەرەوە دەگێڕێتەوە و دوای ڕودانی ڕوداوی دووەم، گێڕەرەوە دەجوڵێت بۆ ئەوەی لە جاری دووەمدا باسی بکات، بەم شێوەیەش بە ڕێکوپێکی ئەم ڕیزبەندی کاتە ڕیزبەندییەکی ڕێکخراوە، کە تێیدا ناتوانێت دووەمیان پێش ڕودانی ڕوداوی یەکەم ڕوبدات. گێڕانەوەی یەک لە دوای یەک، جگە لەوەی کە باسمان کرد، ملکەچی ڕێکخستنی توخمەکانی گێڕانەوەیە، بە سەرەتا، ڕوداوی جوڵاو، گرێ، چارەسەر، پاشان کۆتاییدا تێدەپەڕێت.

٢_ گێڕانەوەی نابەردەوام: ئەم فۆرمەی گێڕانەوە پابەند نابێت بە ڕیزبەندییەکی لۆژیکی ڕوداوەکان، وەک چۆن لە کۆتاییەوە دەست پێدەکات و لە سەرەتاوە کۆتایی دێت، چەندین تەکنیکی گێڕانەوەی جیاواز دەگرێتەبەر، وەک وەسفکردن، پوختکردنەوە، سڕینەوە و وەرگرتنەوە.

٣_ گێڕانەوەی جێگرەوە: لە ڕێگەیەوە کۆمەڵێک چیرۆک بە نۆرە دەگێردرێتەوە، ئەم جۆرە گێڕانەوەیە لە زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان زیاتر بەربڵاوە، ڕوداوەکان لە ڕێگەی ئەوانەوە بە یەکەوە و بە ڕێکوپێکی باس دەکرێن، زۆرجاریش لە چیرۆکەکاندا لەڕێگەی ستۆریبۆرد یان بڕگەی گێڕانەوەوە باس دەکرێت، کە بە چیرۆکێک دەست پێدەکات، پاشان چیرۆکێکی دیکە، پاشان بۆ یەکەم، دواتر بۆ دووەم و هتد. پێویستی بە بوونی بڕگەی هاوبەش لە نێوان کارەکتەرەکان و ڕوداوەکاندا هەیە (https://media.neliti.com/media/publications/232397-the-structure-of-the-narative-texts-writ-6b3a4c80.pdf).

## ٢-٤: تایبەتمەندیەکانی شێوازی گێڕانەوە: characteristics of narrative style

شێوازی گێڕانەوە بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی پەیوەستە، کە لە شێوازە ئەدەبییەکانی تر جیای دەکەنەوە، ئەوانیش:

- توخمەکانی کات و شوێن، هەموو شتێکە و پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەیە لە ڕووی ڕوداو و ڕاستییەکانەوە.
- بەکارهێنانی گێڕانەوەی کەسی بۆ گەیاندنی بیرۆکەکان بە خوێنەران، یان بۆ ڕونکردنەوەی بیرۆکەیەک و بەزۆری نوسەر یان گێڕەرەوە ئەم ئەرکە بەکاردەهێنێت.
- بەکارهێنانی گێڕانەوەی دەرەکی، واتە کە پەیوەستە بە بەستنەوەی کۆمەڵێک ڕوداوی کۆمەڵایەتی، ڕاستی، یان ئاشنا بە خوێنەران بە ناوەڕۆکی دەقی گێڕانەوە بۆئەوەی بەڕوونی و دروست لێی تێبگات.
- پشت بەستن بە سادەیی لە گێڕانەوەدا، واتە نوسەر لە گەیاندنی وێنە و ماناکانی دەقی گێڕانەوەدا خۆی لە بەکارهێنانی وشە و بیرۆکەی ئاڵۆز بەدوور بگرێت، بەڵکو دەبێت لە گێڕانەوەکەیدا سادە بێت، بۆ ئەوەی خوێنەران بتوانن لە دەقەکە تێبگەن.
- پشت بە هاندانی خەیاڵ دەبەستێت؛ واتە شێوازی گێڕانەوە خەیاڵ و بیری خوێنەران دەجوڵێنێت و وایان لێدەکات هەندێک ڕوداو لە دەقەکەدا ڕوبدەن، وەک ئەوەی شتێکی ڕاستەقینە بن، خەیاڵ بکەن (Hervé Corvellec, 2006, 13). گێڕانەوە کاریگەری جیاوازی هەیە لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان.

## ٢-٥: پێکهاتە گشتیەکانی دەقی گێڕانەوە: General Structures of Narrative Text

1. ئاراستەکردن: دیمەنەکە دادەنێت، چیرۆکەکە لە کوێ و کەی ڕویداوە، بەشداربووانی دەناسێنێت، کێ و چی تیایدا بەشدارن؟
2. ئاڵۆزبوون: سەرەتای کێشەکان دەگێڕێتەوە و دەبێتە هۆی لوتکەی بەشداربووانی سەرەکی.
3. بڕیاردان: کێشەکە چارەسەر دەبێت، یان بە کۆتاییەکی خۆش یان بە کۆتاییەکی دڵتەزێن.
4. دوبارە ئاراستەکردنەوە/کۆدا Coda: ئەمە تێبینییەکی کۆتایی چیرۆکە و ئارەزومەندانەیە پێکدێت لە وانەیەکی ئەخلاقی، ئامۆژگاری یان فێرکردنێک لە نوسەرەوە (Damien Nelis, Lavinia Galli Milić, 5).

## ٢-٦: تێگەیشتن لە دەق: Understanding the text

پێش ئەوەی دەست بە شیکردنەوەی هەر دەقێک بکەین، سەرەتا پێویستە لە دەقەکە تێبگەین دواتر پرۆسەی شیکردنەوە ئەنجام بدەین، کە لە خوارەوە ئاماژە بەچەند خاڵێکی گرنگ دەکەین بۆ تێگەیشتن لە دەقیکی تۆکمە:

1. یەکجار تەواوی دەقەکە بە هێواشی و وریاییەوە بخوێنەوە، ئەو وشانەی، کە روون نین بە قەڵەم هێڵکاری بکە، هێشتا لە وشەکاندا مەگەڕێ، کاتێک تەواو بوویت ئەم پرسیارانە لە خۆت بکە: 'ئەم نوسراوە لەبارەی چیەوەیە؟ کام وشە وا دەکات تێگەیشتن لە دەقەکە قورس بێت؟ پاشان سەیری وشەکان بکەوە، هەروەها دووبارە دەقەکە بخوێنەوە، ئەگەر هەستت کرد دەتوانیت لە هەموو یان زۆربەی دەقەکە بگەیت، ئەوا دەتوانیت بەرەو قۆناغی داهاتوو پێشبکەویت.
2. بابەتی سەرەکی دەقەکە چییە و باسی چی و کێ کراوە؟ هەوڵ بدە بە یەک یان دوو ڕستە وەڵام بدەیتەوە.
3. ئەگەر خاڵە سەرەکییەکان بەسەر چەند پەرەگرافێک یان بەشێکدا دابەشکرابوون (بۆ نمونە بە سەردێڕەکان جیاکراونەتەوە) گرنگترین خاڵەکان لە هەر بڕگەیەک یان بەشێکدا تێبینی بکە.
4. پوختەیەک لە دەقەکە بە وشەی خۆت دروست بکە، یارمەتیت دەدات جارێکی تر بە وردی بیر لە ناوەڕۆکی دەقەکە بکەیتەوە.
5. دوای یەک دوو ڕۆژ ناوەڕۆکەکە دووبارە بکەرەوە: جارێکی تر پێداچوونەوە بە دەقەکەدا بکە، هەوڵبدە تا دەتوانیت ناوەڕۆکەکە لە یادەوەریت یان لەسەر پارچە کاغەزێک بە تەواوی کورت بکەیتەوە و نوێنەرایەتی بکەیت، پشکنین بکە و بەراوردی بکە لەگەڵ دەقی بنەڕەتی دەزانیت بەتەواوی تێگەیشتووی یاخود نا.

**2-7: شیکردنەوەی دەق: text analysis**

شیکاری دەق کۆمەڵێک فێربوونی ئامێر و تەکنیکی ئاماری و زمانەوانی تێکەڵ دەکات، بۆ پرۆسێسکردنی بەرگی گەورەی دەق یان دەقی بێ پێکهاتە بۆ وەرگرتنی تێگەیشتن فۆرماتێکی پێشوەختەی دیاریکراوی نییە. شیکردنەوە وەکو چەمکێک تایبەتمەندی و سیمایەکی گشتی لە خۆدەگرێت و "بریتیە لە کردەی هەڵاوێرکردن، شیتەڵکردن و دیاریکردنی پێکهاتە و کەرەستەکانی بابەتێک یان دیاردەیەکی دیاریکراو بۆ بەش و پارچە پێکهێنەرەکانی" (تالیب حسێن، ٢٠١٩، ل٨). کەواتە دەتوانین وەکو یەکەیەکی زمانی شیکردنەوەیەکی زمانی بۆ دەق ئەنجام بدەین، چونکە دەق وەک پێکهاتەیەک و ڕۆنانێکی زمانی لە کۆمەڵێک پەیوەندی ڕێزمانی و واتایی پێکدێت، بۆیە دەتوانین بڵێین مەبەست لە شیکردنەوەی دەق ئەوەیە، کە وەرگر لەدوای شتی نادیار و شاراوە لەناو دەقدا بگەڕێت و دواتر بە ئەرکی ئاشکراکردن و وەسفکردنی مەبەستە شاراوەکان هەڵبستێت، چونکە زۆربەی کات مەبەست و ئەرکی دەق بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەیان ناکرێت. دەق بریتیە لە کۆمەڵێک یەکە یان وشە کە بەیەکەوە دەلکێن، یان ڕستە و پەرەگراف بە دواهەمینیانەوە دەلکێن و بەشدارن لە دروستبوونی مانا (سلمان الكاصد، ص:384). هەروەها هەوڵدەدات بۆ پێشینە پێداگری، لە پەیوەندییەکەیدا لەگەڵ دەقی پێشودا، بۆ لاسایکردنەوەی ئەم دەقانە و شوێنکەوتنی نمونەی ئەوان (سعيد يقطين، ص:5). ناکۆکی هەیە سەبارەت بە مانای ئەم دوو زاراوەیە، شیکاری دەق بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە ئامێرەکانی زمانەوانی فەرمی کە دەقێک لە هەڕەمەکی جیا دەکەنەوە. لە کاتێکدا شیکارانی گوتاریش لەم ئامێرانەی پێکهێنانی دەق دەکۆڵنەوە، بەڵام بە ئاماژەدان بەو مەبەست و ئەرکانەی کە گوتارەکە بەرهەم هێنراوە بۆی، هەروەها ئەو چوارچێوەیەی، کە گوتارەکە لە چوارچێوەیدا دروستکراوە و ئامانجی کۆتایی ئەوان ئەوەیە نیشان بدەن توخمە زمانەوانییەکان چۆن کارا دەکەن بە بەکارهێنەرانی زمان بۆ پەیوەندیکردن لە چوارچێوەدا.

**3: پەیوەندییەکانی نێودەق**

**1-3: نێواندەق: Intertextual**

نێواندەق لە زمانەوانیدا بە بەشێکی گرنگ دادەنرێت، چونکە پەیوەندی بەو ڕێگایانەوە هەیە، کە لە بەرهەمهێنانی دەقێکدا پشت بە زانینی دەقەکانی تر دەبەستێت. "زۆرێک لە زانایان پێیان وایە یەکێک لە تایبەتمەندییە سروشتییەکانی دەق بە هەموو جۆرەکانیەوە ئەوەیە، کە پێی دەگوترێت نێواندەق، مەبەستیش لێی کارلێککردن و یەکتربڕینی دەقەکانە لە فۆرم و ناوەڕۆکدا" (محمد الأخضر، ٢٠٠٨، ١٠٠). نێواندەق تێکچڕژان و چوونە ناو یەک و یەکتر بڕینی دەقەکانە لەگەڵ یەکتری، واتە کارلێککردنی دەقێکی دیارە لەگەڵ چەندان دەقی ونبوو، کە بەشداری لە چنینی دەقەکە دەکەن (بابارسول، ٢٠١٣، ٢٩). (دی بوگراند و دریسلەر) نێوەندگیری بەکاردەهێنن بۆ ڕونکردنەوەی بیرۆکەکەیان بۆ ئەو پەیوەندییەی نێوان دەقەکان، یەکێک لەو هۆکارانەی کە لەوانەیە کاریگەری لەسەر دەق هەبێت پەیوەستە بە فراوانبوونی کات لەنێوان بەرهەمهێنان و پێشوازیکردنی دەقی ئێستا یان ئەو دەقانەی پێشتر هەست بەو پەیوەندییەی کراوە، فاکتەری دووەمیش پەیوەندی بە نێوان دەقەوە هەیە جۆری ئەو دەقەیە، کە سەرچاوەی بۆ دروست کراوە ( De Beaugrand & Dressler, 1981, P182). مەبەست لەنێوان دەقیش بریتییە: لە پەیوەندی نێوان دەقێک بە چەند دەقێکی ترەوە، کە گرێدراون بە یەکترەوە "ئەو چەمکە لەسەر ئەو بیرۆکەیە بنیات نراوە، کە دەقەکان ناکرێ بە دابڕاوی تاوتوێ بکرێن، چونکە لەشێوەی دابڕاو بەرهەم نایەن و بەکارنایەن، هەربۆیە دەبێ هەموو دەقەکان لە پەیوەندیان بە دەقەکانی ترەوە درک پێ بکرێن" (رەحیم سورخی، ٢٠١٣، ل٢٤٦)، هەروەها (دیبوگراند) بەشێوەیەکی فراوان لە چەمکی دەقییەتی دەڕوانێت و لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیەکی گشتی بە پێوەرەکانی دەقبوون کردووە، کە بریتین لەم پێوەرانە:

بەیەکەوەنوسان Cohesion

گونجان Coherence

مەبەستییەتی Intentionality

پەسەندی Acceptability

هەڵوێست Situationally

دەقئاوێزان Intertextuality

ڕاگەیاندن Informatively (ڕێوار محمد، ٢٠٢١، ٧٣).

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا زیاتر جەختی لەسەر دەکرێت و دەخرێتە بەرباس بەیەکەوەنوسانە، کە لە زۆربەی سەرچاوەکان بە 'لکان' ناوی هاتووە، لە بابەتی لکانیش تەنیا باس لە لکانی ڕێزمانی دەکرێت.

**٢-٣: لکان Cohesion:**

بە یەکێک لە پێوەرە گرنگەکانی نێوان دەق دادەنرێت، زمانەوانەکان بۆ بەستنەوە و پەیوەندی نێوان ڕستەکانی نێودەق بەکاری دێنن. لکان بریتییە لە: بەستنەوەی ڕێزمانی و وشەیی لەناو دەقێک یان ڕستەیەکدا، کە دەقێک بەیەکەوە دەلکێنێت و مانای پێدەبەخشێت. لکان پەیوەندی بە ڕۆیشتنی ڕستە و بڕگەکانەوە هەیە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر. بریتییە لە بەستنەوەی زانیاری کۆن و نوێ بەیەکەوە. کاتێک وتارێکی ئەکادیمی دەنووسین، بە تایبەتی لە زانستە مرۆییەکان، کار لەسەر لکان لە ڕووی پێکهاتەییەوە دەکرێت، ئەمەش تێگەیشتنی خوێنەر لە بیرۆکەکان بەرز دەکاتەوە، کە خوێنەر دەبێ بتوانێ لەوە تێبگات هەر بڕگەیەک چۆن پەیوەندی بەوەوە هەیە کە پێش خۆی هاتووە. ئەمەش دەتوانرێت بە بەکارهێنانی ڕستەی گواستنەوە بەدی بهێنرێت. هەروەها "لکان بۆ ئەو پەیوەندییە واتاییەی لەنێوان دەقدا بەرقەرارە بەکاردێت، ئەم پەیوەندییەش خۆی لە خۆیدا دروستکەری دەقە، واتە بەبێ بوونی ئەم پەیوەندییە دوان یان نوسین ناچێتە خانەی دەقەوە" (قیس کاکل، ٢٠٠٢، ٣١). هەروەها گرنگە بەشەکانی دەقێکی نووسراو بەیەکەوە ببەسترێنەوە. ئەم وشەیە لە کرداری cohere هاتووە، کە بە واتای 'بەیەکەوە لکاندن' دێت، بۆیە لکان پەیوەندی بە دڵنیابوونەوە هەیە، کە ئەو وشە و ڕستانەی بەکاریان دەهێنیت بەیەکەوە دەلکێن. دەق بەشێوەیەکی ئاسایی درێژ دەبێتەوە لە دەرەوەی مەودای پەیوەندییە بونیادییەکان، چونکە بەشێوەیەکی ئاسایی لەمانە تێدەگەین، بەڵام دەقەکان بەیەکەوە کۆدەبنەوە، کەواتە پێکەوەبوون (لکان) لەناو دەقێک -دەق- پشت بە شتێکی تر دەبەستێت جگە لە پێکهاتەکەی، "بەڵکو پەیوەندییەکی سەروی ڕستەیە، کە پەیوەندییەکە لەگەڵ ڕستە یان هەر فۆرمێکی تری پێکهاتەی ڕێزمانی بێت" (Halliday & Hassan, 1976, P9). هەروەها هالیدای دەڵێت: پەیوەندی لکان زیاتر لەو کاتانەدا بەدیار دەکەوێت، کە لێکدانەوەی کەرەستەیەک پێویستی بە کەرەستەیەکی تر هەبێت بەبێ بوونی کەرەستەی دووەم لێکدانەوە دەست ناکەوێت، واتە زۆربەی کەرەستەکان لە پێشەکیدا گریمانە بۆ کەرەستەی دواتر دەکەن، ئەوکاتە گەڕانەوە بۆ کەرەستەی یەکەم پەیدا دەبێت و دەبێتە ئەگەری پەیوەندی لکان (Halliday & Hassan, 1976, P9).

پەیوەندی لکان دەچێتە ناو زۆربەی ئاستەکانی زمان، بەڵام هالیدای و حەسەن سێ جۆر لکان بۆ دەق دەست نیشان دەکەن، کە بریتین لە:

لکانی دەنگی Phonological Cohesion

لکانی وشەیی Lexical Cohesion

لکانی ڕێزمانی Grammatical Cohesion

لکانی ڕێزمانیش دابەشکراوە بەسەر ئەم جۆرانە؛

سەرچاوە (ئاماژە) Reference

جێگرەوە Substitution

لادان Ellipsis

بەستن Conjunction

هەریەک لەمانەش چەند جۆری تری لێدەکەوێتەوە، هەروەها لکانی وشەیی، کە بەشێک لە سیستەمی وشە پێکدێت لە؛ پەیوەندی دووبارەبوونەوە Relations of Repetition، هاوواتایی Synonymity، بەیەکەوەهاتن Collocation لەگەڵ پەیوەندییە واتاییەکانی تر (بڕوانە: Maria Teresa, 2004, P160). لە خوارەوە بەکورتی ئاماژە بەهەریەک لەم جۆرانە دەدەین، کە دەست نیشانکراون لە جۆرەکانی لکاندا.

**٣-٣: لکانی ڕێزمانی Grammatical Cohesion:**

یەکێکە لە ڕێگاکانی لکان لەناو دەقدا، کە جۆرە بەردەوامییەک بە دەق دەدات و پەیوەندی نێوان پارچەکانی بەهێزتر دەکات، ئەویش بەهۆی ئەو کۆد و ئامرازە ڕێزمانیانەوەیە، کە قسەکەر یان نوسەر بەکاری دەهێنێت و لەلایەن پێکهاتە ڕێزمانییەکانەوە بونیاد دەنرێت، ڕێگاکانیشی دابەشی سەر ئەم جۆرانەی خوارەوە کراوە:

**٣-٣-١: سەرچاوە (ئاماژە) Reference:**

وشەی ئاماژە ئەو وشانەن، کە بۆ ئاماژەکردن بە شتێک بەکاردەهێنرێن، کە لە شوێنێکی تری دەقەکەدا ئاماژەی پێکراوە، بەزۆری لە ڕستەیەکی پێشودا، کۆمەڵێک نیشانەی پراگماتیکین و لە دەقدا بەدی دەکرێت، بەهۆی ئەم نیشانانەوە پەیوەندی لکان دروست دەبێت و کردەی گوتن دەکەنە یەکەیەکی ڕێزمانی، ئەم نیشانانەش پێکهاتونە لە ئامرازی ئاماژە وەک (ئەمە – ئەمانە، ئەوە – ئەوانە)، نیشانە کەسییەکان (من، تۆ، ئەو، ...)، هەروەها ئاوەڵکارە کاتی و شوێنییەکان وەک (ئێستا، دوایی، ئێرە، ...) بێگومان واتای ئەم نیشانانە بە دیار ناکەوێت تا لەناو دەقدا نەبێت، واتە ئەوکاتە واتای پراگماتیکی لەخۆ دەگرێت، کە ئاماژە بۆ کەرەستەیەکی دیاریکراو دەکەن (بڕوانە: Salkie, 1995, P64). بە واتایەکی تر واتای ئەم نیشانانە بە دیار ناکەوێت تا بۆ کەسێک یان شتێک نەگەڕێتەوە. ئاماژەش چەند جۆرێکی هەیە کە بریتین لەمانە: "exophoric, endophoric, anaphoric, cataphoric" (Halliday & Hassan, 1994, 33). بەگشتی ئاماژەش دەبێت بە چەند جۆرێک کە لە خوارەوە دەیانخەینەڕو:

**٣-٣-١-١: دەرە ئاماژە:exophoric**

(ئێگزۆفۆرا) ئاماژەیە بۆ ئاماژەکانی دۆخ، (ئانافۆرا) ئاماژە بەوە دەکات کە دەبێت ئاماژە بە چوارچێوەی دۆخەکە بکرێت و لەبەرئەوەی لە دەرەوەی دەقە بۆیە پێی دەوترێت ئاماژەی (ئەنافۆریک). ئاماژەی دەرەکی بەکاردێت بۆ وەسفکردنی گشتی یان کورتکراوە بەبێ ئەوەی هەرگیز دەستنیشان بکرێت (بە پێچەوانەی ئانافۆرا و کاتافۆرا، کە بەڕاستی بوونەکە دەناسنەوە و بەمجۆرە فۆڕمەکانی ئەندۆفۆران) بۆ نمونە: نوسەر لەبری ئەوەی چەمکێک بناسێنێت، بە وشەیەکی گشتی وەک "هەموو شتێک" ئاماژەی پێدەکات، ئەو کەسانە یان ئەو ڕوداوانەی، کە بەم شێوەیە

ئاماژەیان پێکراوە هەرگیز لەلایەن نوسەرەوە دەستنیشان ناکرێت، (هالیدای و حەسەن) ئاماژەی دەرەکییان بە لکان نەزانیوە، بەو پێیەی دوو توخم بەیەکەوە نابەستێتەوە لە دەقدا. دەرە ئاماژە "هەموو ئەو وشە و کەرەستانە دەگرێتەوە کە ئاماژە بۆ دەرەوەی دەق دەکەن، واتە کەس یان شتە ئاماژە پێکراوەکە لە دەرەوەی زماندایە" (قیس کاکل، ٢٠٠٢، ٤٦). وەک؛

- کۆترەکە فڕی.

وشەی 'کۆتر' ئاماژەیە بۆ کەرەستەیەک، کە لە دەرەوەی زماندایە و دەبێتە دەرە ئاماژە. دەرە ئاماژەش دەبێت بە دوو جۆر، ئاماژەی 'جوڵەیی و هێمایی'.

**١_ ئاماژەی جوڵەیی: Gestural usage**

بەکارهێنانی جوڵە ئاماژە لەکاتی ئاخاوتندا پێویستی بە جوڵەی ئەندامێکی لەش هەیە وەک دەست و چاو، بۆ مەبەستی لێکدانەوە و تێگەیشتن لە دەقەکە، بۆ زیاتر روونکردنەوە ئەم نموونانە دەخەینەڕو:

- **یەڵدا بەتەواوی فێری ژەنینی هارمۆنیکاکەی بوو، زۆر شارەزایانە هارمۆنیکاکەی دەژەنی هەرکەسێک گوێ بیستی ئاوازەکانی یەڵدا دەبوو، دەچووە دونیای خەیاڵەوە...**
- **باوکی یەڵدا لەنێو باخچەکەی ماڵی خۆیان خەریکی کۆکردنەوەی ئەو گەڵا ڕزیوانەی نێو باخچەکەیان بوو، کە رووی باخچەکەی پۆشیبوو. یەڵداش سەرقاڵی ئوتوکردنی جلەکانی بوو لە ژوورەکەی خۆی.**

لەم ڕستانەی خرانەڕو ئاماژەی جوڵەیی تیادا بەدیدەکرێت، دەقەکە بە دەوروبەرەوە دەبەستێتەوە و دەقێکی زیندوە، بەوەی یەڵدا و باوکی خەریکی کارن و تیایدا ئەندامێکی جەستەیان لە جوڵەدایە و ئاماژەی پێدەکرێت وەکو 'ژەنینی ئامێرەکە و کۆکردنەوەی گەڵاکان و ئوتوکردن' کە ئەمانە هەمووی بە جوڵەی دەست ئەنجامدەدرێت.

**٢_ ئاماژەی هێمایی: Symbolic usage**

ئەم جۆرەیان پێویستی بە ئەندامانی لەش نییە، بۆئەوەی لەگەڵ دەوروبەر جووت بێت و واتاکانیان روون ببێتەوە تەنیا زانیاری لەبارەی کات یان شوێنی ڕوداوەکەیە.

- **من و ئەسمەر تەمەنمان تەنها پێنج شەش ساڵێک دەبوو، کاتێک ماڵی مام ئێرەیان بەجێهێشت، لەبەرئەوەی کوڕی مام لەناکاو تووشی نەخۆشییەکی کتوپڕ هات چارەسەری لە وڵاتی خۆمان نەبوو.**
- **بەمشێوەیە ڕۆژی یەک شەممە کاتژمێر (٨:٣٠)ی بەیانی یەڵدا بۆ یەکەمجار پێی نایە کۆلێژ بە دڵێکی پڕ لە هیوا و ئومێد.**

لەم دەقەی بەردەستمان هیچ ئاماژەیەکی جوڵەیی تیا بەدی ناکرێت تەنیا زانیاری لەبارەی کات و شوێنی ڕوداوەکان خراوەتەڕوو، لە ڕستەی یەکەم وشەی 'ئێرەیان، وڵاتی خۆمان' ئاماژەن بەشوێنی ڕوداوەکە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا کاتی ڕودانی کارەکە دەستنیشانکراوە.

**٣-٣-١-٢: دەقە ئاماژە:** Endophora

ئاماژەکردنی ئەندۆفۆریک، ئاماژەیە بۆ ئەو زانیاریانەی کە دەتوانرێت لە ناو دەقەکەوە وەربگیرێتەوە، هەر ئەم ئاماژەکردنە ئەندۆفۆرییە کە جێگەی تیۆری لکانە، لەناو دەقدا ڕودەدات و پەیوەندی بە دەرەوەی دەق نییە، ئێندۆفۆرا ناوێکی گشتییە بۆ ئاماژەکردن لەناو دەقەکەدا، ئەم ئاماژەیە دەتوانێت دوو جۆر بێت:

ئانافۆرا: ئاماژە بۆ دواوە.

کاتافۆرا: ئاماژە بۆ پێشەوە.

**٣-٣-١-٢-١: دەقە ئاماژەی پێشەوە 'Anaphora'**

ئانافۆریک ئاماژەیە بۆ هەر کەرەستەیەکی ناو دەق کە لە ڕستەکانی پێشودا ئاماژەی بۆکراوە، واتە بۆ زانیارییەکانی پێشتر کە لە دەقدا باسکراوە، کاتێک زانیارییە پێویستەکان بۆ لێکدانەوەکە لە بەشی پێشوی دەقەکەدایە، (هالیدای) بە گشتی سێ جۆری سەرەکی لە ئامرازەکانی ئاماژە بۆ پێشەوە دەست نیشانکردووە: کە بریتین لە ئاماژەی کەسی، نیشاندەر و بەراوردکاری.

**١_ ئاماژەی کەسی: Personal Reference**

ئاماژەی کەسی نوێنەرایەتی کەس دەکات بە دیاریکردنی ڕۆڵی لە بارودۆخی قسەکردندا، بە بەکارهێنانی جێناوی وەک زاراوەی کەسی پەیوەندییان بە بارودۆخی قسەکەوە هەیە، بەگشتی ئاماژەی کەسی بریتییە لە جێناوی کەسی، دیاریکەرەکان و جێناوەکانی خاوەنداریێتی.

- **باوکی یەڵدا لەوە زیاتر خۆی بۆ نەگیرا، ئەو نەیدەتوانی لەوە زیاتر بمێنێتەوە، چونکە یادگارییەکان دەیان کوشت.**
- **مامۆژنم و ئەسمەری کچی لەبەر خراپی بارودۆخەکە ناتوانن بەتەنها بگەڕێنەوە و ڕێگای گەڕانەوەیان لێدەگیرێت بەمشێوەیە تەنها بەنامە باوکم هەواڵی ئەوانی دەزانی.**

لە نمونەی یەکەمدا جێناوی 'ئەو' ئاماژەیە بە باوکی یەڵدا لەبری دووبارەبوونەوە جێناوی سەربەخۆی ئەو بەکارهاتووە، کە خوێنەر تێدەگات مەبەست لێی ئاماژەکردنە بە باوکی، هەروەها لە نمونەی دووەمدا جێناوی سەربەخۆی ئەوان ڕۆڵی دەقە ئاماژەی پێشەوەی بینەوە لەبری ناوهێنانی 'مامۆژنم و ئەسمەری کچی'.

**٢_ ئاماژەی نیشاندەر: Demonstrative Reference**

ئاماژەی نیشاندەر جۆرێکە لە ئاماژە، کە لەڕێگەی پێوەرەکانی نزیکایەتی دەتوانرێت وەک سەر و دەستکاریکەر و یارمەتیدەر کار بکات، "ئەمە" و "ئەوە" ئاماژەن بۆ بەشداربووی تاک، لە کاتێکدا "ئەمانە" و "ئەوان" ئاماژەن بۆ فرەیی بەشداربوو، لە لایەکی دیکەوە "لێرە" و "لەوێ" پەیوەندییان بە شوێنەکەوە هەیە، "ئێستا" و "ئەوکات" پەیوەندییان بەکاتەوە هەیە (Astri Ollivia, 2015, 24).

- **من خۆشحاڵ بووم بە ناسینتان لە نزیکەوە فەرموون با بڕۆین لەوێ دانیشین و زیاتر یەکدی بناسین.**

- **دایە گیان خۆزگە ئێستا لێرە دەبووی تا بزانی چەندە پەرۆشی بینینتم چەندە بیری تۆ دەکەم دایەگیان بۆچی وا بەجێتهێشتین.**

لە نموونەی یەکەمدا ئامرازی نیشانەی 'لەوێ' ڕۆڵی ئاماژەی نیشاندەری بینیوە بەوەی ئاماژە بە شوێنێکی دوور لە قسەکەر دەکات، بەڵام لە نموونەی دووەم ئامرازی کاتی و نیشانە ئەم ڕۆڵەیان بینیوە، کە قسەکەر دەستنیشانی کات و شوێنەکەی کردووە بەوەی کاتی ئێستا و شوێنی نزیک لە قسەکەری ئاماژە پێداوە.

### ٣_ ئاماژەی بەراوردکاری: Comparative Reference

ئاماژەی بەراوردکاری جۆرێکە لە ئاماژەکردن کە لەسەر بنەمای ڕەچاوکردن دامەزراوە، کە شتێک لەیەک دەچێت یان جیاوازە (لەڕوی لێکچوون و لێکنەچوونەوە) لەڕێگەی ئاماژەی ناڕاستەوخۆوە بە بەکارهێنانی سیفاتەکانی وەک "هەمان، یەکسان، هاوشێوە، جیاواز، ئەگەرنا، باشتر، زیاتر"، هتد و ڕستەی وەک "بۆیە، وەها، بە هەمان شێوە، بە پێچەوانەوە، بۆیە , زیاتر"، هتد، بەدواداچوون بۆ ناسنامە و لێکچوون دەکات. ئەو توخمانەی بەراورد دەکرێن بریتین لە چەندایەتی و کوالێتی شتەکە، بە بەراوردکردنی هەندێک پۆلی سیفات و ڕستە دەربڕدراوە، ئەوانە پێیان دەوترێت سیفاتی بەراوردکردن و ڕستەی بەراوردکردن (Halliday & Hasan, 1976: 39).

- **من لە مەبەستت تێناگەم!!؟ دەتوانی ڕوونتر قسە بکەی؟ بۆ ئەوەی هەڵە نەکەم لە وەڵامدانەوەت و بڕیاردان لەسەر قسەکانت.**
- **لەناکاو خۆشترین دەنگی دونیای بیست وەکو ئاوازێک لەناکاو ڕای بچەڵەکێنێت.**
- **من ئەمرۆ دڵخۆشترین لەهەمان کاتدا دڵتەنگ‌ترین کچی ئەم گەردوونەم...**

لەم چەند نموونەیەی خرایەڕو لەبارەی دەقە ئاماژەوە، ئاماژەی بەراوردی بەهۆی مۆرفیمی ڕێزمانی 'تر و ترین'ەوە دەستنیشانکراوە.

### ٣-٣-١-٢-٢: دەقە ئاماژەی دواوە 'Cataphora'

کاتافۆریک ئاماژەیە بۆ هەر کەرەستەیەکی ناو دەق کە لەدوای خۆیانەوە دێت، کاتێک زانیارییەکانی پێویست بۆ لێکدانەوەکە لە بەشەکەی تری دەقەکەدا دەدۆزرێتەوە کە لە داهاتوودا دێت. بۆ مەبەستی لکان، ئاماژەدان بە ئەنافۆریک زیاتر پەیوەندیدارە، چونکە بەستەرێک لەگەڵ بەشێکی پێشووی دەقەکەدا دابین دەکات (Halliday and Hasan 1976: 51).

- **یەڵدا پێشنیاری کرد کەوا بەیەکەوە بڕۆن لە شوێنێکی نزیک ئەوەوە دانیشن، تا کاروان خۆی بێت بۆ لایان، دوای مشتومڕێکی زۆر چون دانیشتن، کاتێ کاروان ئەوانی بینی، هەستا و چوو بۆ لایان.**
- **ئەو کاتەی ئەوان لەو قسانەدا بوون، لە ژوورەکەی دوین دانیشتن و خەریکی خوێندن بوون..**

لە نموونەی یەکەمدا جێناوی سەربەخۆی 'ئەو' ئاماژە بە کەرەستەیەک دەکات کە دواتر لەناو دەقەکە ئاماژەی پێدراوە ئەویش لەبری 'کاروان' بەکارهاتووە. هەروەها لە نموونەی دووەمیشدا جێناوی سەربەخۆی 'ئەوان' ئاماژەیە بۆ ناوی 'دوین و یەڵدا' کە لە ڕستەکانی تری دەقەکە ئاماژەی بۆ کراوە.

### ٣-٣-٢: جێگرەوە Substitution:

جێگرەوە واتە بەکارهێنانی یەک وشە یان چەند وشەیەک بۆ جێگرەوەی، (جێگرەوە) بۆ یەک یان چەند وشەیەک، کە پێشتر لە دەقەکەدا بەکارهێنراون لەڕووی ڕێزمانییەوە، هاوشێوەی وشە ئاماژەپێکراوەکانە، جیاوازی سەرەکی ئەوەیە جێگرەوە بەزۆری سنورداره بەو بڕگەیەی کە بەدوای ئەو (وشانە)دا دێت، کە جێگرەوەیان بۆ دەکرێت، لە کاتێکدا وشەکانی ئاماژە دەتوانن ئاماژە بە شتێک بکەن کە لە دەقەکەدا دوورە، جێگرەوە "بریتییە لە گۆڕینی کەرەستەیەکی زمانی بە کەرەستەیەکی تر لە چوارچێوەی دەقدا، پەیوەندی گۆڕینەوە پەیوەندییەکی سینتاکسییە لە ئاستی ڕێزماندا کاردەکات. سێ ڕێگای گشتی جێگرەوە لە ڕستەدا هەیە بریتین لە جێگرەوەی ناوی Nominal Substitution، جێگرەوەی کاری Verbal Substitution، جێگرەوەی لاڕستەیی Clausal Substitution" (N.L. Sokolova, 2016, P16).

### ٣-٣-٢-١: جێگرەوەی ناوی Nominal Substitution

ئەو جۆرەی جێگرەوە بریتییە لە گۆڕینەوەی ناوێک بە ناوێکی تر یان جێناوێک بە جێناوێکی تر، کە پێشووتر لە دەقەکەدا هاتووە (تەلان محمد، ٢٠١٧، ٦١).

- **دوین هاتە قسە و وتی "خانم شازادەی خەونەکانت دەبینی سەیرکە وا دێت بۆ ئێرە، یەڵدا توند دەستی دوینی گوشی...**
- **دڵبەر ڕووی کردە یەڵدا وتی "خوداوەندی جوانی لەوە زیاتر بێ دەنگی مەنوێنە خراپە.**
- **هیوادارم ئەو هەورەی کەوا ڕوخساری داپۆشیوی زوو لە ڕووت دابماڵرێ و بەم زووانە بەر تیشکی خۆشی و شادی بکەوی...**
- **خوایەگیان لەوە زیاتر دڵی ئەم پەپولەیەم مەشکێنە دڵنیام شتێک لەگەڵ ئەم کچەی مندا ڕوویداوە...**

لەم نموونانەی خرانەڕوو لەنێو دەقی ڕۆمانی یەڵدا، هەریەکە لە وشەکانی 'خانم، خوداوەندی جوانی، پەپولە' لە بری ناوی یەڵدا بەکارهاتووە، واتە جێگرەوەی ناوی یەڵدان، بەڵام لە نموونەی سێیەمدا وشەی 'هەور' جێگرەوەی ناوی خەمە.

### ٣-٣-٢-٢: جێگرەوەی کاری Verbal Substitution

جێگرەوەی کاری کاتێک دەبێت کە کەرەستەیەکی تر لە ڕستەدا شوێنی کار بگرێتەوە پێگەی ئەویش ئەوەیە، ئەو بابەتەی ناوچەی جێگرەوە دابین دەکات بریتییە لە کار. "کردەی بریتیخستنی کاری بەهۆی ئامرازی نیشانەوە دەبێت بە تایبەتیش ئامرازی 'وا، ئەوە، ئاوا' (قەیس کاکل، ٢٠٠٢، ١٤٦)، کە ئەمە لە زمانی کوردیدا کەمتر بەرچاو دەکەوێت، چونکە کار تەوەرەی سەرەکییە لە ڕستەدا.

- **دوای دوو ساڵ ئەویش بەرەو مەنزڵی ئەبەدی بارو بوخچەی دەپێچێتەوەو ڕوودەکاتە ئاسانی بێگەرد.**

لەم نمونەیەدا ئەو دەربڕاوەی هێڵی بەژێر داهاتووە، لەبری وشەی مردن بەکارهاتووە واتە بۆتە جێگرەوەی مردن.

- **لەوکاتەدا ویستی بە گەردوون بڵێت ئەی گەردوونی سەرکەش لەسوڕان بوەستە نابینی دڵ میوانی روحە، ئەی باران ببارێنە بەسەر خاک وا بەهار میوانی بیابانی تەنهاییە.**

لم نمونەیەدا کەرەستەی 'وا' لە بری کاری بوەستە بەکارهاتووە کە دەکرا هەمان کار دووبارە بکرێتەوە لە دەربڕینەکاندا.

**٣-٢-٣-٣: جێگرەوەی لاڕستەیی Clausal Substitution**

لەم جۆرەیان ڕەستەیەک شوێنی لاڕستەیەک دەگرێتەوە لەناودەقدا، بەو مەرجەی ئەو کەرەستە جێگرەوە هەمان واتا بدات، کە لاڕستەکە لەناو دەقەکەدا هەیەتی (Halliday and Hasan 1976: 130).

- **یەڵدا گەورە بوو، گەیشتە قۆناغی ئامادەیی خۆی بۆ تاقیکردنەوەی زانکۆ ئامادەکرد. ئەفسوس لە پایزی زەرد و وشکی بێ روح، مەرگ ماڵی یەڵدای کردە کاروان سەرای خۆی، دایکی یەڵدای لە خەوێکی شیریندا دزی و یەڵدای بێ دایک کرد.**
- **یەڵدا ئەو کچە نەبوو هەکاتێک بە کوڕێک بڵێت خۆشمدەوێی، لە وەڵامدا گەر کورەکە رەزامەندی پیشان نەدا ئەوا بەختی خۆی لەگەڵ کورێکی تر تاقیبکاتەوە لەوەش سەرنەکەوت لەگەڵ یەکێکی تر هەمان شت دووبارە بکاتەوە.**

لە نمونەی یەکەمدا وشەی 'دزی' شوێنی لاڕستەی 'مەرگ ماڵی یەڵدای کردە کاروان سەرا'ی گرتۆتەوە، هەروەها لە نمونەی دوەمیشدا لەبری 'بەختی خۆی لەگەڵ کوڕێکی تر'دا وشەی یەکێکی تری بەکارهێناوە و بۆتە جێگرەوەی لاڕستەکە.

**٣-٣-٣: لادان Ellipsis:**

لادان واتە جێهێشتنی وشەیەک یان چەند وشەیەک، چونکە ماناکە لە کۆنتێکستەکەوە ڕوونە، هەندێک جار پێی دەوترێت لادان جێگرەوە بە سفر، بەو پێیەی لە بنەڕەتدا یەک وشە یان چەند وشەیەک جێگرەوەیان دەبێت و هیچ وشەیەک جێگەیان نەگرێتەوە، هەرچەندە جێگرەوە و لادان لە کارەکەیاندا هاوشێوەی پەیوەندی زمانەوانی لکانن، لادان ڕێزمانییە نەک پەیوەندی مانا، واتە پەیوەندی ڕێزمانی نێوان وشەکان دەرئەبڕێت، چەمکی لادان بریتییە لە "لادانی توخمێک لە پێکهاتەی دەقدا، بە ڕەچاوکردنی پێشگریمانە لەلایەن دەقی پێشو. لادان ئاماژە بە سڕینەوەی وشەکان دەکات، کە دەکرێت لە سەرەتا، ناوەڕاست یان کۆتایی قسەکردن ڕوودات، یاخود بریتیە لەلادانی هەندێک بڕگە کە هاوبەشن لەگەڵ بڕگەیەکی تر" (Abbas Muhsin, 2014, P29). بە بۆچوونی هالیدای لادان دەبێتە سێ جۆر، کە بریتین لە: لادانی ناوی Nominal Ellipsis، لادانی کاری Verbal Ellipsis، لادانی لاڕستەیی Clausal Ellipsis (Halliday & Hassan, 1976, P147).

**٣-٣-٣-١: لادانی ناوی Nominal Ellipsis**

لادانی ناوی، ناوی ئەبستراکتن، کە مانای زانیارییەکانی پێش یان دوایی کورت دەکاتەوە، ئەم کورتکردنەوە یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی لکان، هەروەها دەتوانرێت بە ناوی هەڵگر، ناوی ئاماژەدەر، یان ناوی ئەنافۆریک ناوببرێت. "لەسەر گروپی ناوی کاردەکات، کەرەستە لادراوەکە کار لە مانای دەقەکە ناکات، ناوێک لابراوە کە پێشوتر لە دەقەکەدا هاتووە و شوێنیان بە جێناوەکان دەگیرێتەوە" (HIND TAHSEEN, 2008, 91).

- **دوین و یەڵدا بوون بە دوو هاورێی یەکتر، زیاتر لە دوو هاورێ وەک دوو خوشکی یەکدی هەڵسوکەوتیان دەکرد. تا دەهات نهێنی و رازەکانی دڵیان بۆ یەکدی دەدرکاند.**

لەم نمونەیەدا بکەری ڕستەی دووەم کرتێندراوە کە 'دوین و یاڵدا'ن بێ ئەوەی واتای ڕستەک تێکبچێت و ناڕون بێت، لە هەمان کاتدا جێناوی لکاوی 'یان' ئاماژەیە بۆ بکەرەکە و لەبری ناوەکە بەکارهاتوە.

- **دڵبەر: سوپاس بۆ ئەو دەرفەتەی پێتان بەخشیم بۆئەوەی بەیەکەوە لە نزیکەوە بتان ناسم و زیاتر ئاشناتان بم لەکاتی ئێوەم گرت بورن.**

لەم نمونەیەشدا قسەکەر بێ ئەوەی ناوی بەشداربوانی ئاخاوتن بێنێت ئاماژەیان بۆ دەکات بەهۆی جێناوی لکاوی 'یان' کە هیچ لە واتای ڕستەکەش نەگۆراوە و ماناکەی ڕونە.

**٣-٣-٣-٢: لادانی کاری Verbal Ellipsis**

بە پێچەوانەی لادانی ناوی کە هەمیشە لەسەر گروپی ناوەکی کاردەکات، لادانی کاری، وەک لە ناوەکەوە دەردەکەوێت، لەسەر گروپی کاری کاردەکات، پێکهاتەی ئەم گروپە بەزۆری تایبەتمەندییە سیستماتیکییەکانی خۆی دەرئەبڕێت، واتە ئەو هەڵبژاردنانەی، کە لەناو سیستەمی گروپی کارەکیدا دەکرێن، "لادانی کار زیاتر لەو ڕستانە بەدی دەکرێت کە بەیەکەوە بەستراون. لەکاتی ئاخاوتندا دوو ڕستەی هاوشان بەدوای یەکدا بێن ئەگەر کارەکانیان ناکۆک بێت، بۆئەوەی دووبارەبوونەوە ڕونەدات کاری ڕستەی دووەم دەکرتێندرێت" (قیس کاکل، ٢٠٠٢، ١٨٥).

- **یەڵدا گیان ژیان سەخت و ئاڵۆزە ئەو ژیانە نییە کە منداڵ بووی لەنێو خەوێک دەژیای پڕبوو لە جوانی، لە بەرائەت، لە هەست و سۆز، ...**

لەم نمونەیەدا یەکجار کاری ڕستەکە بەکارهاتووە و لە دەربڕینەکانی دواتردا کارەکە لابراوە بێ ئەوەی هیچ لە واتای ڕستەکە تێک بچێت.

- **مرۆڤ لە دووکاتدا بڕیارەکانی هەڵە دەبێت یەکەم لەژێر کاریگەری توڕەبوون بڕیار بدات دووەم لەژێر کاریگەری هەست و سۆزØ.**

لەم نمونەیەشدا لادان لە کاری ڕستەی دووەم ڕویداوە، کە پێویسی بە دووبارەبونەوەی کارەکە نەبوو، چونکە واتای ڕستەکە روونە.

**٣-٣-٣-٣: لاڕستەیی Clausal Ellipsis**

لادان پەیوەندییەکی زۆر ئاڵۆزە؛ هیچ جیاوازیەکی ڕوون نییە لەنێوان لادانی کاری و لادانی بڕگەیی، یەکەمیان بریتییە لە نەهێشتنی توخمەکانی تر لە پێکهاتەی بڕگەکەدا جگە لە توخمەکانی کاری، لەم چوارچێوەیەدا، هاڵیدای و حەسەن (1976: 194) دەڵێن: لادانی کاری هەمیشە لەگەڵ نەهێشتنی توخمەکانی بڕگەی پەیوەندیدار دەبێت، ئەمانە لەهەمان بەشی بڕگەکەدان لەگەڵ بەشی پەیوەندیدار لە گروپی کاردا، کەواتە لە بەرێوەبردنی لاداندا جێهێشتنی بەشە سنوردارەکەی گروپی کاری هەیە، بکەرەکەش لادەبرێت؛ لە لادانی وشەدا، کە بەشێکی ناکۆتایی گروپی کاری تێدا نەماوە، هەموو تەواوکەر و زیادکراوەکانیش لادەبرێن.

- **<u>ئەو دڵەی دڵبەر</u> چۆن بتوانێ جارێکیدی میوانی دڵێکیدی بکات، بۆ خۆشەویستییەکیدی دووبارە بسوتێتەوە، مۆمی تەمەنی بەدیار کەسێکی دیکەوە بتوێتەوە...**

لەم نمونەیەدا لاڕستەی 'ئەو دڵەی دڵبەر' لابراوە بێ ئەوەی هیچ لە واتای دەقەکە تێکبدات و لێڵی دروست بکات، کە پێویستی بە دووبارەکردنەوە نییە.

**٣-٣-٤: بەستن Conjunction:**

پۆلی سەرەکی لکان 'پەیوەندی' بریتییە لە بەکارهێنانی نیشاندەری فەرمی بۆ پەیوەستکردنی ڕستە، بڕگە و پەرەگرافەکان بە یەکەوە. پەیوەستکردن ئاماژەیە بۆ ئەو شێوازەی، کە نوسەر دەیەوێت خوێنەری دەق ئەوەی خەریکە دەوترێت پەیوەندی بەو شتەوە بکات کە پێشتر گوتراوە. ئەم جۆرە پەیوەندییە لکانە لە سروشتدا جیاوازە لە پەیوەندییە یەکگرتووەکانی دیکە؛ واتە ئاماژە، جێگرەوە و لادان لەم چوارچێوەیەدا، هاڵیدای و حەسەن (1976: 226) دەڵێن: توخمە بەندکراوەکان نەک لە خۆیاندا بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەهۆی مانا تایبەتەکانیانەوە یەکگرتوون؛ ئەوان ئامێری سەرەتایی نین بۆ گەیشتن بە دەقی پێشو، بەڵکو هەندێک مانا دەردەبڕن، کە پێشگریمانە دەکەن بۆ بوونی پێکهاتەکانی دیکە لە گوتارەکەدا، وشەی بەستن، وشە یان دەستەواژەیەکن پەیوەندی نێوان بیرۆکەکان نیشان دەدەن و بریتیە لە بەستنەوەی چەند ڕستەیەکی بە دوای یەکدا هاتوو، کە بەهۆی ئامراز یان ئاوازەی گوتن یان وێرگوڵ لە نوسیندا دەدرێنە پاڵ یەکتر "پەیوەندی بەستن لە چوارچێوەی ڕێزماندا کاردەکات و ڕونترە لە پەیوەندی ئاماژەکردن، چونکە بەهۆی چەند ئامرازێکی تایبەتییەوە هەندێ ڕستەی ناو دەق بەیەکتر دەبەستێتەوە و پەیوەندییەکی ڕێزمانی و واتایی لەنێوانیان بەدی دەکرێت" (قەیس کاکل، ٢٠٠٢، ١٩٩). کەناڵەکانی بەستن، لەگەڵ وشەی دووبارەبووەوە و وشەی ئاماژە، یەکێکە لە ڕێگا سەرەکییەکان بۆ بەدەستهێنانی لکان لە نووسین و ئاخاوتندا، بۆیە ئەوان ڕێگەیەکن بۆ یارمەتیدانی دڵنیابوون لەوەی، کە بیرۆکە و ڕستەکان یەکدەگرنەوە یان 'بەیەکەوە دەلکێن'، هەروەها بەستان ئەو ڕێگایەیە، کە بەشە جیاوازەکانی دەقێک پێکەوە دەلکێنێت و دەیگونجێنێت، بەشێوەیەک هاڵیدای بەستن دابەشی سەر چوار جۆر دەکات، کە بریتین لە: زیادکراو additive، بەستنی پێچەوانەیی adversative، هۆیی causal، کاتی temporal .

**٣-٣-٤-١: زیادکراو Additive**

زیادکردن ئاماژەیە بۆ جۆرێک لە لکان، کە لەڕووی پێکهاتەییەوە دەردەکەوێت و یەکتر ڕێکدەخات، واتا بەندە بە پێکهاتەی ڕستەکە و کاردەکات بۆ زیادکردنی زانیارییە هەبووەکان بە فەزڵی هەماهەنگی، ئەوان بەستراونەتەوە بە هەماهەنگی پێکهاتەییەوە و گوزارشت لە یەک لە دوای یەک دوو توخمە سەربەخۆکان دەکەن، لەژێر ئەم سەردێڕەدا دەتوانرێت سەرچاوەی یەکگرتوویی لە بەراوردکردنی لێکچوونی ماناسازیی نێوان ئەوەی کە دەوترێت و ئەوەی پێشتر ڕۆشتووە وەربگیرێت.alliday و Hasan (1976: 246) پێیان وایە هەندێک فۆڕمی پەیوەندی 'و، ش' تەنیا بە مانایەکی ناوخۆیی ڕوودەدەن، بۆ نمونە، خاڵێکی تر هەیە دەبێت لە پەیوەندی لەگەڵ پێشودا وەربگیرێت. ژمارەیەکی زۆر دەربڕینی پەیوەستکەر هەن، کە مانای زیادە دەدەن بە دەق بە مەبەستی زانیاری زیاد خستنەسەر و ئەم مانایەیان هەیە، بۆ نمونە: سەرەڕایئەمە، جگەلەمە، سەرەرایئەمە، هەروەها، تەنانەت، هتد. هاڵیدای و حەسەن فۆڕمەکانی وەک 'بە هاوشێوە'، 'بە هەمان شێوە'، کە پێیان وایە ئەم فۆڕمانە بەهۆی لێکچوونی واتاسازییەوە پەیوەندییان بە زیادەوە هەیە؛ سەرچاوەی یەکگرتوویی بەراوردکردنی ئەو شتانەیە کە دەوترێت لەگەڵ ئەوەی پێشتر ڕۆشتووە، ئەم فۆڕمانە لەلایەن قسەکەرەوە بەکاردەهێنرێن بۆئەوەی جەخت لەوە بکاتەوە، کە خاڵەکە بەهێز دەکرێت یان خاڵێکی نوێ بۆ هەمان کاریگەری زیاد دەکرێت، پەیوەندیی ڕستەی پێشگریمانەکراو و لێکچوونی هاوردەکردنیەتی لەگەڵ ڕستەی پێشگریمانەکراو(HIND TAHSEEN, 2008, 93).

- **... باوکی یەڵدا دەمەو ئێوارە دوکانە بچوکەکەی دادەخست و وردە وردە بەرەو کۆڵانە تەسک و تاریکەکان بەرەوماڵەوە شۆڕ دەبۆوە...**
- **خوایە گیان یارمەتی ئەو کچەم بدە ... بەتانیەکەی کێشا بەسەر یەڵدا و ماچێکی نێوچەوانی کرد و گڵۆپی ژوورەکەی کوژاندەوە و دەرگای ژورەکەی داخست و چوە دەرەوە.**
- **باوکەگیان تۆ هەر باوکی من نیت <u>بەڵکو</u> تۆ شوێنی دایکیشت گرتەوە بۆ من و <u>تەنانەت</u> بووی بە هاورێیەکی نزیکی من.**

لەم سێ نمونەیەدا کۆمەڵێک ڕستە دراونەتە پاڵ یەکتر بەهۆی ئامرازی لێکدەری 'و، بەڵکو، تەنانەت' کە بوەتە هۆی بەستان لەنێوان ڕستەکان و بەیەکەوەی لکاندنیان، کە وەک پەرەگرافێک یان پارچەیەکی گەورەتر لە ڕستە دەرکەوتون.

**٣-٣-٤-٢: بەستنی پێچەوانەییAdversative**

جیاوازی ئاماژەیە بۆ چاوەڕوانی، پێچەوانە لە پەیوەندی نەخوازراودا، چاوەڕوانی دژبەیەک بەدەست دێنێت لەم شتانەی کە پێشتر باسمان کرد وەرگیراوە، چاوەڕوانی دەتوانێت لە ڕێکخستنی دەق یان بڵندگۆوە بێت. هاڵیدای و حەسەن پێیان وایە واتای بنەڕەتی بەستنی پێچەوانەیی سەرچاوەی چاوەڕوانی یان ناوەڕۆکی ئەو شتەیە کە دەوترێت، یان پرۆسەی پەیوەندیکردنە، دۆخی قسەکەر-بیسەر، ئەگەر یەکەمیان بێت، یەکگرتوویی لەسەر تەختەی دەرەکییە؛ و ئەگەر لەسەر دووەمیان بێت، ئەوا یەکگرتووییەکە لەسەر تەختەی ناوەوەیە "مەبەستی گشتی لە بەستنی

پێچەوانەیی ئەوەیە، کە پێشبینیکردنەکە ئەم پێشبینییەش لە ڕستە سەرەکییەکە وەردەگیرێ و چەند ئامرازێکی تایبەت بە بەستنی پێچەوانەیی هەن وەک؛ بەڵام، بەڵام...نەک، بەڵکو، کەچی، هەرچەندە..بەڵام، نەک، هێشتا، بە پێچەوانەوە" (قیس کاکل، ٢٠٠٢، ٢٢٨).

- **ئەو ڕۆژانەی کە هێشتا مەرگ ماڵی ئەوانی نەدۆزیبووەوە تا ئیرەییان پێببات دیاریوو خۆشی هەرماوەیەک میوانی ماڵەکەیان بوو.**
- **هەرچەندە دڵبەر هیچ هەستێکی بەڕوونی نەدرکاندبوو بۆ یەڵدا، بەڵام دڵی یەڵدا هەستێکی تایبەتی پڕ لە جوانی و وەفاداری و خۆشەویستی هەبوو ...**
- **دڵبەر خەریک بوو قسەی دەکرد، بەڵام یەڵدا قسەکەی پێ بڕی و ڕۆیشت.**
- **یەڵدا هەرچەندە لە تەمەنێکی زوو دایکی لەدەستدا، بەڵام باوکی نەیهێشت بێ باوکی پێوەدیاربێت.**

لەم نموونانەی خراونەتەڕو بەهۆی ئامرازەکانی'بەڵام، هەرچەندە، هێشتا' بەستنی پێچەوانەیی هاتۆتەبوون، کە توانیویانە دەربڕینەکانی پێش خۆیان پێچەوانە بکەنەوە.

### ٣-٣-٤-٣: هۆیی Causal

لکانی هۆیی نوێنەرایەتی یەکێک لە هۆکار و دەرئەنجامەکان دەکات، واتە بڕگەیەک دەبێتە هۆکار و ئەوەی تریش دەرئەنجامەکەیەتی، فۆڕمی لێکدانەوەی خوێنەرانی دەقەکە دەگرێتەوە بۆ جیاکردنەوەیان، بە بڕوای هالیدای و حەسەن، فۆڕمی سادەی پەیوەندی هۆیی بە وشەی واتاوە، بەم شێوەیەیە، بۆیە و کۆمەڵێک دەربڕینی وەک (لە ئەنجامدا، بەهۆی ئەوە، لە دەرئەنجامی ئەوە، چونکە، ئەگەر) هەموو ئەم وشە و دەربڕینانە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لەگەڵ ڕستەی سەرەتا تێکەڵ دەبن، هەروەها پێشیان وایە جیاوازی نێوان جۆرە دەرەکی و ناوەکییەکانی لکان مەیلی ئەوەی هەیە لە چوارچێوەی پەیوەندییە هۆکارەکاندا کەمێک کەمتر ڕوون بێت بە بەراورد بە کۆنتێکستەکانی دیکە، چونکە چەمکی هۆکار تا ڕادەیەک لێکدانەوەی لەلایەن قسەکەرەوەیە (HIND TAHSEEN, 2008, 94).

- **یەڵدا با ئەم ڕووداوانە کارت لێنەکەن، ئەگەرنا دەبێتە هۆی کەوتنت لە زانکۆ...**
- **هەرکەسێک باسی کلتور و ستایل دەکات بەڵام تۆ مەیکە، چونکە تۆ هیچ کاتێک نەتتوانیوە لە هەستی خۆت تێبگەی چۆن دەتوانی لە مانای ڕاستەقینەی ژیان و کلتور بگەیت.**
- **ئەگەر خوا تەمەنی‌دا دەتبینمەوە.**

ئامرازەکانی 'ئەگەرنا، بەڵام، چونکە، ئەگەر' لەم دەربڕینانەی سەرەوەدا ڕۆڵی لکان و بەستنەوەی ڕستەکانیان بینیوە و بەشی دوای خۆیان بە بەشی پێشەوە لکاندوە و بەندیان کردووە.

### ٣-٣-٤-٤: کاتی Temporal

لکانی کاتی نوێنەرایەتی ڕیزبەندی کات دەکات، کاتێک بوونی هەیە کە ڕوداوەکانی ناو دەقەکە لەڕووی کاتی ڕوودانیانەوە پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێت ( Nunan, D. 1993, 27). دەتوانرێت لکانەکە بەو قۆناغە تایبەتە دیاری بکرێت کە پرۆسەی پەیوەندیکردن پێی گەیشتووە.

ئەوەی لکانی کاتی لە هەموو جۆرەکانی پەیوەندی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە لە فۆڕمی پەیوەندیداردا ڕوودەدات، واتە دەتوانێت بە دەربڕینی کاتافۆریک لە یەک ڕستەدا ڕووبدات، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، مەیلی کاتافۆریک ئاماژەیە بۆ شێوازی ئاماژەکردن بەڕێگەی ئاماژەدان بۆ پێشەوە، کە بریتییە لە وشەکانی وەک 'پاش ئەوە، ئینجا، ئێستا، یەکەم، یەکەمجار، دواجار، لەکۆتایی، ...'.

- **یەڵدا و دڵبەر بۆ دواجار بەیەکەوە بە تەنها دانیشتن، یەڵداش هەرچۆنێک بێت جارێک خۆی بە کتێبەکەی جارێکیش بە جانتاکەی خۆی سەرقاڵ دەکرد.**
- **یەڵدا لەڕاستیدا هەندێ شت هەیە پێویستە لە یەکەمجارەوە تۆ ئەو شتانە بزانی، زیاتر چەند ڕاستیەکێ دەمەوێ بۆتی باس بکەم.**
- **نامەوێ ببمە مایەی ئازار و ئەشکەنجە بۆ تۆ لە سەرەتاوە هەموو شتێکم بۆ تۆ ڕوون کردەوە بۆئەوەی لە کۆتاییدا هیچ گلەییەک لەمن نەکەیت.**

لەم نموونانەی سەرەوەدا ئامرازەکانی 'دواجار، یەکەمجار، لەسەرەتاوە' ڕۆڵی بەستنەوەی دەقیان بینیوە و کاتی ڕوداوی ڕستەکانیان دەستنیشانکردوە.

## ئەنجام

لکان بریتییە لە پەیوەندییەکی مانادار نێوان یەک توخم لە دەقەکەدا و هەندێک توخمی دیکە، کە بۆ لێکدانەوەیەکی چارەنووسساز، ئەم توخمەی دیکەش دەبێت لە دەقەکەدا بدۆزرێتەوە. لکان ئاماژەیە بۆ ئەو مەودایە و ئەگەرانەی کە هەن بۆ بەستنەوەی شتێک بەو شتانەی کە پێشتر ڕۆیشتوون.

دەرەنجام: لکان بەشێکە لە پێکهاتەی پێکهێنانی دەق لە سیستەمی زمانەوانیدا، ئەو توخمانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کە لەڕووی پێکهاتەوە پەیوەندییان نییە لەڕێگەی وابەستەیی یەکێکیان بەوی دیکە بۆ لێکدانەوەی، بەبێ یەکگرتوویی سیستمی ماناسازی بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت بە شێوەیەکی کاریگەر چالاک بکرێت.

## سەرچاوە

1. بابارەسول نوری ڕەسول، ٢٠١٣، شیکردنەوەی دەق نوکتە بە نمونە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
2. تالیب حسێن عەلی، ٢٠١٩، شیکردنەوەی گوتار، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
3. تەلان محەمەد عومەر، ٢٠١٧، شیکردنەوەی دەقی وتارە ئاینییەکانی ڕۆژی هەینی لەشاری هەولێردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
4. ڕەحیم قادر سورخی، ٢٠١٣، شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی گوتاری ڕۆژنامەنووسی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

5. ڕێبوار محەمەد مەلازادە، ٢٠٢١، زانستی دەق لە ئەدەبدا، ناوەندی ئاوێر، چاپی یەکەم.

6. ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، ٢٠٠٨، ڕستە و پاش ڕستە تێڕوانینێکی ئەرکی، چاپی یەکەم، هەولێر.

7. قەیس کاکل تۆفیق، ٢٠٠٢، پەیوەندییەکانی نێودەق، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

8. نەزیرە سابیر مستەفا، ٢٠٢١، پراگماتیک و شێوازگەری، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

9. سعيد يقطين، ٢٠٠٦، انفتاح النص الروائى (النص و السياق)، الطبعة الثالث، المركز الثقافى العربى، بيروت.

10. سعيد يقطين، الرواية والتراث السردي ، القاهرة ، رؤية للنشر والتوزيع ، ط / 1، د.ت.

11. سلمان الكاصد، الموضوع والسرد ( مقاربة تكوينيّة في الأدب القصصي )، دار الكندي، د.ط، د.ت.

12. قسول فاطمة، ٢٠٠٩، اشتغال المتعلِّق به في النص السردي الولّي الطّاهر يرفع يديه بالدعاء للطاهر وطّار " نموذجا" ، جامعة حسيبة بن بـوعلي ـ الشلف ـ كليّـــــة الآداب واللّـغات.

13. محمد الاخضر الصبيحى، ٢٠٠٨، مدخل الى علم النص و مجالات تطبيقيه، الطبعة الاولى، منشورات الاختلاف، الجزائير.

14. Abbas Muhsin, 2014, Cohesion in Charles Dickens׳s hard times, Master′s degree, College of Education for human Sciences, University of Basrah.

15. Astri Ollivia Kuncahya, 2015, COHESION IN NARRATIVE TEXTS PRESENTED IN THE ELECTRONIC TEXTBOOK OF SENIOR HIGH SCHOOL GRADE X ENTITLED "DEVELOPING ENGLISH COMPETENCE" FACULTY OF LANGUAGES AND ARTS STATE UNIVERSITY OF YOGYAKARTA.

16. Beaugrand, R. and W. Dressler, 1981, Introduction to Text Linguistics, London: Longman

17. Halliday, M. A. K., and Hasan, R. (1976). *Cohesion in English*. London: Longman.

18. Maria Teresa, 2004, Building Coherence and Cohesion, Amsterdam, Philadelphia.

19. N. L. Sokolova, 2016, Grammatical Cohesion in English, Institute of foreign Language.

20. Nunan, D. 1993. Introducing Discourse Analysis. London: Penguin English.

21. R. Salkie, 1995, Text and discourse analysis, London, Routledge.

22. https://media.neliti.com/media/publications/232397-the-structure-of-the-narative-texts-writ-6b3a4c80.pdf

23. https://www.researchgate.net/publication/5093063_Elements_of_Narrative_Analysis Hervé Corvellec, 2006, 13

24. CohesioninTextDiscourseAnalysisofaNewsArticleinaMagazine.pdf HIND TAHSEEN HAMEED, 2008, Cohesion in Texts: A Discourse Analysis of a News Article in a Magazine.

25. https://hal.inria.fr/hal-01480773/document Intertextuality and narrative context: digital narratology?

26. https://hal.inria.fr/hal-01480773/document

27. https://www.researchgate.net/publication/328216143_Cohesion_in_TextsA_Discourse_Analysis_of_news_Article_in_a_Magazine

cannot be effectively decoded except by recourse to it.

**Keywords**: Grammatical Cohesion, Reference, Conjunction, Substitution, Ellipsis.

## Analysis of the structure of the narrative text from an intertextual perspective

[1] Assistant Lecturer. Bashdar Abdulrahman Aziz, Department of Kurdish Language, College of Education and Languages, Lebanese French University, Erbil, Iraq.

[2] Assistant Lecturer. Kalthum Khalid Ahmed, Department of Medical Laboratory Technical, Erbil Technical Health and Medicine College, Erbil Polytechnic University, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract

This study aims to analyze the novel text in order to identify the elements of cohesion in the text: which type of grammatical cohesion is the most essential contribution to the structure and to identify whether this type is effective or not. Text within text is formed when it has cohesion characteristics. Beyond the apparent grammatical structure of the text, semantic cohesion is the most important principle and criterion of textuality to be in another sentence. Halliday and Hassan (1976) generally identified four different types of grammatical cohesion: indicative, pronoun, deviation, and freezing. Cohesion means a textual element which is dependent on another element can be referred to in the text. That is, cohesion occurs where the interpretation of some elements in the text depends on the interpretation of another element. One presupposes the other, in the sense that it